# حکومەتی هەرێمی کوردستان
## وەزارەتی ناوخۆ

# سیاسەتی
# یەکسانی  لە نێوان ئافرەت و پیاو لە ئەرک و مافدا

ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩

ناوەڕۆك .................................................................................................... ٢
بەشی١: پێشەكی........................................................................................... ٣
١,١. مەبەست لەم سیاسەتە.................................................................................. ٣
١,٢.پێناسەكان................................................................................................... ٤
١,٣. دیدگای ئەم سیاسەتە ...................................................................................... ٧
١,٤. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە................................................................................. ٧
١,٥. ئامانج لەم سیاسەتە......................................................................................... ٧
بەشی ٢: هاندانی یەكسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە وەزارەتی ناوخۆ.................................... ٧
٢,١ پرۆسەی دامەزراندنی ئافرەت و پیاو بە یەكسانی.................................................... ٧
٢,٢ پەرەپێدانی فەرمانبەر، پلانی كار و هاندان............................................................. ٨
٢,٣ ژینگەی كاركردن............................................................................................. ٩
٢,٤ ڕاهێنان و سەردانی مەیدانی.............................................................................. ١٠
٢,٥ بێزاركردن، بێزاركردنی سێكسی و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات..................................... ١٠
بەشی ٣: شێوازی جێبەجێكردن.............................................................................. ١١
٣,١. لیژنەی جێبەجێكاری یەكسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو.............................................. ١١
٣,٢. سەركردایەتی و بەرپرسیارێتی.............................................................................. ١١
٣,٣. سیستەمی بەڕێوەبردنی سكاڵا.............................................................................. ١٢
بەشی ٤: پەیوەندی، ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن................................................................ ١٦
سەرچاوە.......................................................................................................... ١٨

## بەشی ١: پێشەکی

### ١,١. مەبەست لەم سیاسەتە:

لە ماوەی حەڤدە ساڵی ڕابردوو، وەزارەتی ناوخۆ بەرەوپێش چوونێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە لە بواری پەرەپێدانی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاودا وەکو دامەزراندنی ئافرەت و جێکردنەوەیان و پێدانی ئەرك و بەرپرسیارەتی جۆراوجۆر لە هەریەك لە پلە و پایەکانی ڕاژەی شارستانی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و چەسپاندنی سەروەری یاسا وەکو ( دیوان و پۆلیس، پۆلیسی هاتووچۆ، ئیقامە و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و یەکە کارگێڕیەکان و ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان هتد). جگە لەمانەش، وەزارەتی ناوخۆ ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و نووسنیگەکانی وەزارەت بۆ پەرەپێدانی پێگەی ئافرەتان و هاندانی ئافرەت و یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە ناو وەزارەت و لە ناو کۆمەڵگا.

وەزارەتی ناوخۆ لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ زیاتر بەهێزکردن و پاراستنی ئەو دەستکەوتانە و زیاتر پەرەپێدانی پرسی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە گشت دامەزراوەکانیدا " بۆ ئەوەی زیاتر ڕێگە خۆش بکرێت بۆ پێدانی دەرفەتی یەکسان و زیاتر هاتنە پێشەوەی ئافرەتان لە گشت ئاستەکانی کارگێڕی و بڕیاردان.

مەبەست لە سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە نەهێشتنی ئەو نایەکسانییە مێژوویی و کەلتوری و ڕێکخراوەییەی کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیە لەڕووی دەرفەتی دامەزراندن، پەرەپێدانی کار و هاوکاری و سوپاس و پێزانین. هەروەها، ئەم سیاسەتە مەبەستیەتی کە هەل ومەرجێکی کارکردنی گونجاو و لەبار بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت بڕەخسێنی لە دامەزراوەکانی وەزارەت، ئەمەش بە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەباری کارکردن دێتە دی کە هیچ جۆرە بێزارکردنێکی تێدانەبێت . لەبەرئەوە، ئەم سیاسەتە کۆمەڵێك ڕێوشوێن وکرداری دیاریکردووە بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی وەزارەت جێبەجێ بکرێن بە تایبەتی لەم بوارانەی خوارەوە:

- دامەزراندن
- پلە بەرزکردنەوە (پایە و پلە)
- پەرەپێدان و ڕاهێنانی کار
- پاداشت و سوپاس و پێزانین
- شوێنی کار و کاری مەیدانی
- بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات
- پێگەی ئافرەت لەناوەندی بڕیار

## ٢,١ پێناسەکان:

**جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر):**
بریتیە لە کۆمەڵێك خەسڵەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەرفەت کە پەیوندارن بە ئافرەتبوون یان پیاوبوون و پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو و کوڕ و کچ دەگرێتەوە. ئەو خاسیەت و هەڵسوکەوت و دەرفەت و پەیوەندیانە لەسەرپەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەبن و فێردەبن و ئەو بنەمایانەش کات و شوێنیان دیاریکراوە و دەگۆڕدرێن. (جۆری کۆمەڵایەتی) ئەوە دیاری دەکات کە لە ئافرەت یان پیاو چی چاوەڕی دەکرێت و چی ڕێگەپێدراوە و چی بەهادارە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

**یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو:**
بریتیە لە فەراهەمکردنی ماف، بەرپرسیارەتی و دەرفەتی یەکسان لە نێوان ئافرەت و پیاو و کچ و کوڕ. یەکسانی نەك بەو مانایەی کە ئافرەت و پیاو دەتوانرێت وەکو یەکیان لێبێت بەڵکو بەو مانایە دێت کە پێدانی ماف، بەرپرسیارەتی و دەرفەت بە هەریەکە لە ئافرەت و پیاو پشت نابەستێت بەوەی کە ئایا ئەو کەسە بە ئافرەتی یان بە پیاوی لە دایك بووە. یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو بەو مانایە دێت کە بەرژەوەندی، پێویستی و دەرفەتی هەر یەك لە ئافرەت و پیاو بەهەند وەردەگیرێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ هێنانەکایەی هەمەڕەنگی و جۆراوجۆری هەریەکە لە ئافرەت و پیاو.مەبەست لە یەکسانی ئافرەت و پیاو بریتی نیە لە بوونی کێشەی ئافرەت بەڵکو پێویستیەکە بۆ بەتەواوەتی هێنانە پێشەوەی ئافرەت و پیاو بۆ ناو هەموو کایە جۆربەجۆرەکان. یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو وەکو هەریەك لە بابەتەکانی کێشەی مافی مرۆڤ وە مەرجی پێش وەختە و ئاماژەی بەردەوامی پەرەپێدانی خەڵك دەبینرێت.

**مافەکانی ئافرەت:**
مافەکانی ئافرەت بریتیە لە مافی خاوەنداریەتی، بێ کەم وکوڕی و نەبینراون وە بەشێکن لە مافەکانی جیهانی مرۆڤ. بەشداری تەواو و یەکسانی ئافرەت لە کایەکانی بەڕێوەبردن و سەرجەم کایەکانی تر لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەها لابردنی گشت شێوازەکانی جیاکاری بەهۆی ڕەگەز ئامانجی لەپێشینەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە.

**جیاکاری دژی ئافرەت :**
بریتیە لە جیاوازی کردن، دوورخستنەوە و پەراویزخستن یاخود دیاریکردنی ڕۆڵی ئافرەت لەسەر بنەمای ڕەگەز کە ئەمەش کاریگەری دەبێت یاخود مەبەستدار دەبێت بۆ دروستکردنی بەربەست و ونکردنی ناسنامە و ڕۆڵی ئافرەت. هەروەها جێبەجێکردنی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو نابێت پەیوەست بکرێت بەوەی کە ئەو ئافرەتە یان پیاوە خێزاندارە یان سەڵتە، وە نابێت پەیوەست بکرێت بە لایەنگیری سیاسی، ئاستی بژێوی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و شارستانی یاخود هەر لایەنێکی تر.

**بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت:**
بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت بەندە لەسەر پێنج بنەما کە بریتین لە: هەستی باوەڕبوون بە خود، مافەکانیان بۆ دیاریکردنی بژاردەکان، گەیشتن بە دەرفەت و سەرچاوەکان، توانای کۆنترۆڵکردنی ژیانیان لە ناوەوە و دەرەوە، توانایان بۆ دروستکردنی کاریگەری بە ئاڕاستەی گۆڕینی لایەنی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ خۆیان لە هەریەك لە کایەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئاستی نیشتیمانی و جیهانی.

بیرۆکەی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت پەیوەندی بە بابەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو هەیە بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازن لە یەکتر. کرۆکی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت پەیوەستە بە توانای خودی ئافرەتەکە بۆ بنیاتنانی چارەنووسی خۆی. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بابەتی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت تەنها پەیوەست نیە بە بوونی لێهاتوویی یەکسان ( وەکو پەروەردە و تەندروستی) هەروەها گەیشتنی یەکسان بە سەرچاوە و دەرفەتەکان، بەڵکو پەیوەستە بە بوونی دامەزراوەیەك بۆ بەگەڕخستنی ئەو ماف و لێهاتوویی و سەرچاوە و دەرفەتەکان بۆ هێنانەکایەی بژاردە و بڕیاری ستراتیژی ( وەکو فەراهەمکردنی دەرفەتی بەشداریکردن لە کایەی سەرکردایەتی و بەشداریکردن لە دامەزراوە سیاسیەکان. جگە لەمانەش، بۆ هاتنە ناوکایەی بەڕێوەبردن و سیاسەت نابێت ئافرەت ترسی لە هەڕەشە و توندوتیژی هەبێت).

**دەرفەتی یەکسان:**

دەرفەتی یەکسان بریتیە لە بوونی ژمارەی یەکسان لە ئافرەت و پیاو لە دامەزراوەیەك کە تیایدا هەردوو ڕەگەز بەشداری گرینگیان هەبێت لە گشت کایەکان بەتایبەتیش لە پۆستە باڵاکان (ناوەندی بڕیار). یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو یەکێکە لە میکانیزمە گرینگەکان بۆ بەهێزکردنی کاری ڕێکخستنی دام ودەزگاکە.

**توندوتیژی دژی ئافرەت :**

جۆرێکە لە جیاکاری نەرێنی کە کاریگەری جددی دەبێت لەسەر کپکردنی توانای ئافرەت بۆ پراکتیزکردنی ماف و ئازادیەکانی خۆی لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ پیاو. توندوتیژی دژی ئافرەت ڕێگری دروست دەکات بۆ ئافرەت کە بتوانێت مافەکانی مرۆڤ و ئەو ئازادیانەی کە تایبەتن بە ئافرەت پراکتیزە بکات، ئەمەش لە یاسای گشتی جیهانی یاخود ڕێککەوتنامەی مافەکانی مرۆڤ هاتووە و لە بڕگەی ١ لە " ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی گشت شێوازە جیاکاریەکانی دژی ئافرەت" هاتووە:

هەر جۆرە توندوتیژیەك کە هۆکار بێت یاخود یارمەتیدەر بێت بۆ ئازاری جەستەیی، سێکسی، دەروونی یاخود ببێتە مایەی ئەوەی کە ئافرەتەکە ئازار بچێژێت، یاخود ترس دروست بکات کە ببێتە مایەی ئەوەی ئافرەتەکە بکەوێتە ژێر هەڕەشە و لە ماف و ئازادیەکانی دابڕێت جا گرینگ نیە لە ماڵەوە بێت یاخود لە کارکردن.

توندوتیژی دژی ئافرەت و پیاو هەر کارێکی زیان بەخش دەگرێتەوە کە دژ بێت لەگەڵ حەز و ئارەزووی کەسێك، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جیاکاری بکات لە نێوان ڕەگەزی ئافرەت و پیاو. توندوتیژی هەر کارێك دەگرێتەوە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەبێتە مایەی جیاکاری لە نێوان ئافرەت و پیاو.

ئافرەت لە هەموو تەمەنەکان ڕێژەی زۆرینەی قوربانی توندوتیژین، هەروەها پیاویش ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشێکن لەو قوربانیە. روون و ئاشکرایە کە کاریگەری ئەو توندوتیژیە چ لە ڕووی جەستەیی بێت یاخود دەروونی دەرەنجامی دورودرێژ و زیان بەخشی دەبێت لەسەر هەر یەکە لە قوربانیان و بەرژەوەندی کۆمەڵگە.

**بێزارکردن:**

بریتیە لە هەر کردارێکی نالەبار و نەویستراو کە لە نێوان کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ یاخود دژی کەسانی دەرەوەی وەزارەت ئەنجام دەدرێت یاخود ئەو کردارە نارێك و نالەبارە دەکرێت ببێتە مایەی بێزێزی یاخود لەکەدارکردنی کەسایەتی فەرمانبەرەکە.

بێزارکردن بەزۆر شێواز ئەنجامدەدرێت وەکو بەکارهێنانی وشەی نەشیاو، ئاماژە، بەکارهێنانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی. جگە لەمانەش زۆر هۆکاری تر هەن کە دەبنە مایەی بێزارکردن، هەڕەشە، سوکایەتی، بەکەم زانین، ترساندن، سوکایەتی پێکردن، زەلیلکردن، شەرمەزارکردن، دروستکردنی ژینگەیەکی تۆقێنەر و بێزارکار.

**بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی:**
جۆرێکە لە بێزارکردن یاخود هەر دەستپێشخەریەکی سێکسی بێ ویستی بەرامبەر. وەك داوای کاری سێکسی، هەر کارێك کە سروشتی ئەنجامدانی کاری سێکسی لەخۆ بگرێت وەکو بەکارهێنانی وشە یاخود جەستە یاخود ئەنجامدانی بە ئاماژە یاخود هەر جۆرە هەڵسوکەوتێك کە ببێتە مایەی لەکەدارکردن یان شەرمەزاربوونی کەسەکە.

بێزارکردنی سێکسی هەریەك لە کردارەکانی وەکو ترساندن، دروستکردنی ژینگەیەکی بێزارکار یاخود دانانی مەرج لەسەر کارکردنی فەرمانبەر پەیدادەبن. بەشێوەیەکی سروشتی کرداری سێکسی لە زنجیرەیەك ڕووداو پێکدێت.لەگەڵ ئەوەشدا، تەنها ڕووداوێکی سێکسی کە بەتەواوەتی خاسیەتی کاری سێکسی تێدابێت بەسە بۆ ئەوەی بکەوێتە چوارچێوەی بێزارکردنی سێکسی.

**جیاکاری جێندەری:**
بریتیە لە مامەڵەی نایەکسان یاخود جیاوازی کردنی بێ پلان لەسەر بنەمای بنەچە و پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز،ناسنامە، ئاین، ئاینزا، عەشیرەت، جوانی، خاوەن پێداویستی تایبەت، ئافرەتی سکپڕ، تەمەن، زمان، بنەچەی کۆمەڵایەتی. جیاوازی کردن ڕووداوێکی دابڕێندراوە کە دەتوانێت کار لە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بکات بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زۆرجار لە بێزارکردن یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ڕەنگ دەداتەوە.

**خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات:**
بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی پۆست و پایەو هێز و دەسەڵات کە فەرمانبەر و کارمەندانی دژی هاوکارانی خۆیان یان دژی خەڵکانی دەرەوەی دامەزراوەکەی بەکاری دێنن. خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ئەو حالەتانەش دەگرێتەوە کاتێك کە کەسی خاوەن دەسەڵات کاریگەری و هێزی خۆی بەکاردەهێنێت بەشێوەیەکی ناپیشەیی.

**تۆڵەکردنەوە:**
کارێکە لەلایەن کەسێکی خاوەن دەسەڵات یان فەرمانبەرێك ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی ئازاردان یاخود سزادانی کەسێکی تر بەهۆی ئەوەی کە ڕاپۆرتی ئەنجامدانی کارێکی خراپ یان گومان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی لەسەر بەرزکراوەتەوە.

**١,٣. دیدگای ئەم سیاسەتە:**

- بەمەبەستی پشتگیریکردنە لە سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو، پاراستنی شکۆ و ڕێز و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ گشت کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ بە بێ جیاوازی.

- فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسانە بۆ بەرەوپێشبردنی کار و هەلومەرجی کارکردنی سەلامەت بۆ هەریەکە لە کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاو لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

**١,٤. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە:**

- بۆ بەدەستهێنانی یەکسانییە لە نێوان ئافرەت و پیاو و بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە هەموو ئاستەکانی کارکردن و پراکتیزەکردنی بواری بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ.
- قوڵکردنەوە و چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە بواری یەکسانی جێندەری و مافەکانی ئافرەت.

**١,٥. ئامانج لەم سیاسەتە:**

- هاوکاریکردن و پەرەپێدانی ژینگەیەکی لەباری کارکردن بۆ سەرجەم کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ کە هیچ ئاستەنگێکی تێدا نەبێت.
- زیادکردنی ڕێژەی ئافرەت لە پایەکانی بەڕێوەبردن و بەشداریان لە بڕیاردان.
- کەمکردنەوەی نایەکسانی لە پرسی دامەزراندنی کارمەندان وبەشداریکردن لە خولی مەشق و ڕاهێنان، بەرزکردنەوەی پلە، پاداشت و سوپاس و پێزانین بۆ گشت کارمەند و فەرمانبەران بە بێ جیاوازی رەگەزی.
- دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەموو پێویستی و نیگەرانیەکانی کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاو لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە کارەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان و هەستیار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**بەشی ٢: هاندانی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ**

**٢,١. پرۆسەی دامەزراندنی ئافرەت و پیاو بەیەکسانی:**

بەمەبەستی فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسان لە نێوان ئافرەت و پیاو و بۆ زیاترکردنی ڕێژەی ئافرەت لە پۆستە جیاوازەکان، وەزارەتی ناوخۆ پرۆسەی دامەزراندنی ئافرەت و پیاو بەیەکسانی بەپێی پسپۆری و لێهاتوویی پەیڕەو دەکات و بنەما سەرەکیەکانی ئەم پرۆسەیەش بریتین لە:

i. پابەندبوون بە یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو: وەزارەتی ناوخۆ پابەند دەبێت بە سەرخستنی پرسی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو. وەزارەت ڕێککاری ئەرێنی و پێویست دەگرێتەبەر بۆ سەرخستنی ئەو ئامانجە لە ڕێگای دامەزراندن، پێدانی پۆستی باڵا و بەڕێوەبردن بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت لە پێشینەی کارەکان دەبێت.

ii. ڕاگەیاندن: لە کاتی هەبوونی پۆستی بەتاڵ پێویستە ئەوە بە ڕوونی بنووسرێت کە وەزارەتی ناوخۆ پابەندە بە فرەیی و داوا لە هەموو ئارەزوومەندان بکات بۆ ئەوەی سی ڤی خۆیان پێشکەش بکەن بێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئاین هتد.

iii. پێناسی کار: بۆ ئاسانکاری پرۆسەی دامەزراندنی ئافرەت و پیاو بەیەکسانی، پێویستە پێناسی کار یان چوارچێوەی تایبەت بە کار بۆ هەموو پۆستێك هەبێت کە تیایدا بەندی تایبەت لەخۆ بگرێت بەمەبەستی هاندانی ئافرەتی بەتوانا بۆ ئەوەی سی ڤی (CV.) خۆیان پێشکەش بکەن و لە کاتی

ڕاگەیاندنی پۆستە بەتاڵەکانیش ئەوە بنوسرێت کە " ئافرەتانی  لێهاتوو  هاندەدرێن کە سیڤیەکانی خۆیان پێشکەش بکەن".

iv. پرۆسەی جیاکردنەوەی بەربژێرەکان: مەبەست لە پرۆسەی جیاکردنەوەی بەربژێرەکان بریتیە لە هەبوونی بەربژێری ئافرەت و پیاو بەیەکسانی. ئەگەر هاتوو، نەتوانرا چەند بەربژێرێکی بەتوانای ئافرەت بدۆزرێتەوە، بەلایەنی کەم پێویستە بەربژێرێکی ئافرەتی بەتوانا هەبێت.

v. چاوپێکەوتن: لە لیژنەی ئەو تیمەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەربژێرەکان ئەنجامدەدات پێویستە ئافرەتێك هەبێت بەمەبەستی فەراهەمکردنی دەرفەتی گونجاو بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ڕکابەری و ئاسوودە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەربژێری جیاکراوەن و چاوپێکەتنیان لەگەڵ دەکرێت.

vi. هەڵبژاردن: ئەگەر هاتوو لە چاوپێکەوتنەکە بەربژێرێکی پیاو و بەربژێرێکی ئافرەت دەرچوون، ئەوا پێویستە لەپێشینەیی بدرێتە ئافرەتەکە و وەکو بەربژێر دیار بکرێت. ئەنجامدانی ئەم کارەش گرینگە بۆ ئاماژەدان بە بابەتی جیاکاری دژی ئافرەت و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ژمارەی ئافرەتان و پیاوان لە وەزارەت. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك کە ئەم یەکسانیە بەدەست دەهێنرێت لە ڕووی هاوسەنگی ژمارەی ئافرەتان و پیاوان لە وەزارەت، بابەتی جیاکاری دژی ئافرەت دەتوانرێت کەم بکرێتەوە یاخود کۆتایی پێ بهێنرێت.

vii. ماف و شایستە داراییەکان: هەموو بەربژێرکراوەکان بەهەردوو ڕەگەزی ئافرەت و پیاو پێویستە بەیەکسانی و بێ جیاوازی سوودمەندبن لە ماف و شایستە داراییەکان. وەزارەت پێویستە بەدواداچوون و وردبینی دەرماڵەو پاداشتی کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەتان و پیاوانی بکات.

### ٢,٢. پەرەپێدانی فەرمانبەر و پلانی کار و هاندان:

وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە گرتنەبەری ڕێککاری ئەرێنی و پێویست بەمەبەستی هاندان و بەهێزکردنی ڕۆڵ و ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە گشت دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ بەرەوپێشبردنی پێگەی ئافرەتان لەپێناو نەهێشتنی ئەو ناهاوسەنگیە درێژخایەن و ڕێکخراوەییەی کە لە بەشداری ڕێژەی ئافرەت هەیە لە پۆستە باڵاکان. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ ئەم ڕێککارانە دەگرێتەبەر:

i. **ڕەفتاری پیشەیی فەرمانبەر:** جێبەجێ کردنی برگەکانی بەڵگەنامەی "ڕەفتاری پیشەیی فەرمانبەران" بە مەبەستی زیادکردنی زانیاری تایبەت و ڕوون دەربارەی هەڵسوکەوت و فرەیی و گشتگیری و گفتوگۆ و هەڵسوکەوتی گێچەڵی لە بەڵگەنامەکە، هەروەها دووپاتکردنەوەی سیاسەتی جێگیر و نەگۆڕی وەزارەت بۆ نەهێشتنی بێزارکردنی سێکسی و توندوتیژی دژی ئافرەتان و پیاوان لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنی کارکردن.

ii. **خول و ڕاهێنانی تایبەت بە یەکسانی ئافرەت و پیاو:** وەزارەتی ناوخۆ پەرە بە ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان دەدات بۆ کارمەند و فەرمانبەرەکانی تایبەت بە پرسی یەکسانی جێندەری.

iii. **ڕاهێنان لە بواری سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن:** وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ئاسانکاری بەمەبەستی بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە ڕاهێنانی بوارەکانی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن. ئەم بەشداری پێکردنەش یان لە ڕێگای خول و مەشقی ڕاهێنانی تایبەت کە وەزارەت ڕێکی دەخات یاخود لەڕێگای بەربژێرکردنیان بۆ ئەو خول و مەشق و ڕاهێنانانەی کە لەلایەن هاوبەشە نێودەوڵەتیەکان ئەنجام دەدرێن.

iv. **ڕاهێنانی ڕاستەخۆ لەسەرکار:** وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە فەراهەمکردنی دەرفەتی ڕاهێنانی ڕاستەخۆ بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاو لە شوێنی کار بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی توانا و ئاستی زانیاریان لە بوارە جیاوازەکان.

### ٣,٢. ژینگەی کارکردن:

وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت لە گشت دامەزراوەکانی وەزارەت و بۆ ئەو مەبەستە ئەم هەنگاوانەی دەگرێتەبەر:

i. **تایبەتمەندی کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت:** کارگێری وەزارەتی ناوخۆ و گشت فەرمانگە و نووسینگەکانی وەزارەت دڵنیایی پاراستنی تایبەتمەندی کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت دەدات لە ماوەی کارکردنیاندا و ڕێگا چارەی ئەرێنی سەبارەت بە زانینی جۆری تایبەتمەندیەکانی ئافرەتان، باشترە بە ڕاوێژ و گفتوگۆ بێت لەگەڵ خودی کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و هەموو تایبەتمەندیەکانیان لە بەرچاو بگیرێت.

ii. **ئاسانکاری و ئیمتیازی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی کە دایك و باوکن:** بۆ ئەو دایك و باوکانەی کە کارمەند و فەرمانبەرن لە وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگی ڕابگرن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی فەرمی دەوام و جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتیان وەکو دایك و باوك، وەزارەتی ناوخۆ و گشت فەرمانگەکان هەڵدەستن بە فەراهەمکردنی شوێنێك لە فەرمانگەکە و گرتنەبەری ئەو ڕێککارانەی خوارەوە:

- دابینکردنی ژوورێك بۆ منداڵی ئەو دایك و باوکانەی کە دەوام دەکەن ئەگەر پێویست بوو.

- پیشکەشکردنی ئاسانکاری تایبەت بەو دایك و باوکانەی منداڵی تازە لە دایك بوییان هەیە و پێویستیان بە هاوکاری هەیە بۆ چاودیری منداڵەکانیان بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

iii. **مۆڵەتی دایکایەتی**

وەزارەتی ناوخۆ بەتەواوی ڕێککار و مۆڵەتی دایکایەتی بۆ هەموو کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت جێبەجێ دەکات.

**٤,٢. ڕاهێنان و سەردانی مەیدانی:**

پێشبینی دەکرێت کە هەریەك لە کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ لە ماوەی کارکردنیان بەشداری کۆمەڵێك خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ و کۆنفرانس بکەن. هەروەها سەردانی مەیدانیش ئەنجام بدەن. زۆربەی کات، ئافرەت و پیاوەکان بە هاوبەشی چالاکیەکە ئەنجام دەدەن. ئافرەتەکان لەکاتی ئەنجامدانی سەردانە مەیدانیەکان توشی کۆمەڵێك بەربەست دەبنەوە، هەروەها سەبارەت بە خول و وۆرکشۆپەکانیش هەمان بەربەست دێتە ڕێگایان کاتێك کە لەدەرەوەی دامەزراوەکەی خۆیان یان لە وڵاتێکی تر ئەنجام دەدرێت.

**یەکەم**، بەهۆی لایەنی کولتوری کوردستان و عێراق، زۆربەی خێزانی کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەتەکە هەست بە ئاسوودەیی ناکەن لە ناردنیان بۆ سەردانە مەیدانیەکان یاخود خول و ڕاهێنانەکان لە دەرەوەی وڵات هاوشانی کارمەند و فەرمانبەرە پیاوەکان.

**دووەم**، ئافرەتەکان لەوانەیە ئەزمونی مامەڵەی خراپ و بێزارکردنی سێکسیان هەبێت لەکاتی ئەنجامدانی سەردانە مەیدانیەکان یاخود لەکاتی بەشداریکردن لە خول و ڕاهێنان یان وۆرکشۆپەکان کە لە دووری ماڵەوەیان ئەنجامدراوە و ناچاربوون لە هۆتێل بمێننەوە. ئەو کارمەند و فەرمانبەرە ئافرەتانە بە زۆر شێواز و لەلایەن زۆر کەسەوە ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ و بێزارکردنی سێکسی بوونەتەوە لەوانەش کارمەندانی هۆتێلەکان، ئەندامانی کۆمەڵگا و هاوڕێکانیان. بۆ فەراهەمکردنی هەل ومەرجی لەبار و سەلامەت وە بۆ هاندانی بەشداریکردنی ئافرەتەکان لە سەردانە مەیدانی و خول و وۆرکشۆپەکان یاخود هەر چالاکیەکی تر کە لە دەرەوەی فەرمانگەکانی ئەنجام دەدرێت. وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە گرتنەبەری ئەم ڕێککاریانە:

i. ڕاوێژکردن لەگەڵ ئافرەتەکان سەبارەت بەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە سەردانی مەیدانیەوە هەیە، بۆ نمونە: تا چ ڕاددەیەك ئاسوودەن بەشداربن لە سەردانی مەیدانی، سەبارەت بە مانەوە لە هوتێل، تا چ ڕاددەیەك ئاسوودەن لەگەڵ پیاوەکان گەشت بکەن.
ii. نەناردنی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت بۆ سەردانی مەیدانی و خول و ڕاهێنان ئەگەر زانرا کە بۆ ئەو جۆرە ئەرکانە ئاسوودەنین.
iii. نابێت نادادپەروەری دژی هیچ کارمەند و فەرمانبەرێك بکرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی شێوازی کارکردنیان یان لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەیان لەبەر ئەوەی بەشداری سەردانی مەیدانی و خول و ڕاهێنانی نەکردووە.
iv. هەر کارمەند و فەرمانبەرێك هەر تاوانێکی نابەجێی بەسەر ساغ بۆوە لە کاتی ڕێکخستنی گەشت یاخود بەشداریکردن لە سەردانی مەیدانی ئەوا پێویستە بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان (یاسای ڕاژە) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لێی نەبووردرێت بەهۆی ئەم هەڵەیەی کە ئەنجامی داوە.

**٥,٢. بێزارکردن، بێزارکردنی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات:**

وەزارەتی ناوخۆ سیاسەتی لێ نەبوردن پەیڕەو دەکات دژی هەر یەك لە کردارەکانی بێزارکردن، بێزارکردنی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. بۆ فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کارکردن کە هیچ جۆرە بێزارکردن، بێزارکردنێکی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی تێدا نەبێت، وەزارەتی ناوخۆ ئەم ڕێککارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

i. هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی هەریەك لە کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاو سەبارەت بە دەرەنجامی بێزارکردن، بێزارکردنی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پیشاندانی شێوازە ڕاستەکە لەڕێگای ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و وانە وتنەوە.
ii. گرنگیدان بە ڕەفتاری پیشەیی کارمەند و فەرمانبەران بۆ ڕێگری کردن لە بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی و جیاکاری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.
iii. دامەزراندنی سیستەمی تۆمارکردنی سکاڵا ومیکانیزمی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی بابەتەکانی بێزارکردن و جیاکاری و گێچەڵی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

## بەشی ٣: شێوازی جێبەجێکردن

### ١,٣. لیژنەی جێبەجێکاری یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو:

لە وەزارەتی ناوخۆ لیژنەی جێبەجێکاری تایبەت بە یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو دادەمەزرێت بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێز وەزیری ناوخۆ. ئەم تیمە پێویستە ئافرەتی خاوەن پلە باڵای لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی، بەش و هۆبەکان وەکو ئەندام تێدا بەشداربن و لیژنەکە پێویستە لایەنی کەم ٥٠% ئافرەت بێت. لیژنەکە ئەم ئەرك و بەرپرسیارەتیانە دەگرێتە ئەستۆ:

i. دارشتنی میکانیزمی تایبەت بۆ پەرەپێدانی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە وەزارەتی ناوخۆ هەروەها دانانی بەرنامەی تایبەت.
ii. ئامادەکردنی پلانی ساڵانە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە و خەمڵاندنی تێچووی جێبەجێکردنی پلانەکە.
iii. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەبارەت بەو بەربەست و پێداویستە تازانەی تایبەتن بە جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی ساڵانە .
iv. ڕێکخستن و ئەنجامدانی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەت و بەرپرسانی تر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە.
v. ئەنجامدانی خەمڵاندنی پێداویستی ساڵانە بەبەشداری کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاو تایبەت بە بەربەستەکانی بەردەم ئەو سیاسەتە و ناساندنی بەربەست و دیاریکردنی چارەسەر بۆ کێشەکان.
vi. لیژنەکە کۆبوونەوەی خۆی هەر سێ مانگ جارێک بە سەرپەرشتی وەزیری ناوخۆ ئەنجام دەدات بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ شێوازی جێبەجێکردن و چۆنیەتی کارپێکردنی سیاسەتەکە لەناو دام و دەزگا جیاوازەکانی وەزارەتدا.
vii. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە قۆناغی بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنەکی پلانەکە.

### ٢,٣. سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی:

لیژنەی جێبەجیکاری یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو بەرپرسە لە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە بۆ دەستخستنی ئەو ئامانجانەی کە لە سیاسەتەکەدا هەیە هەروەها بۆ ئاماژەدان بەو سکاڵایانەی کە پەیوەندارن بە پێشێلکردنی بنەماکانی یەکسانی

ئافرەت و پیاو، بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. بەمەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە وەزارەتی ناوخۆ ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

i. ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەکە و لایەنە پەیوەندارەکانی تر بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر ئەو کێشە و ڕێگریانەی کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی سیاسەتەکە دەبێتەوە.

ii. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بەو پێوەرانەی کە گیراونەتەبەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە و پێدانی پێشنیارو ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە بە هەموو دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

iii. ڕێکخستنی کۆبوونەوە و پێدانی زانیاری بە گشت کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ و دامەزراوەکانی سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە گیراونەتە بەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە.

### ٣,٣. سیستەمی بەڕێوەبردنی سکاڵا:

**لیژنەی جێبەجێکاری سیاسەتی یەکسانی لە وەزارەتی ناوخۆ** هەڵدەستێت بە دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبردنی سکاڵا لە گشت دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ تۆمارکردنی سکاڵا سەبارەت بە حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، نایەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو، بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی و توندوتیژی. سیستەمەکە پێویستە بەشێوەیەکی تەواو ماف و سەلامەتی سکاڵاکار و سکاڵالێکراو و لایەنە پەیوەندارەکانی تر بپارێزێت بەرامبەر هەر خواستێکی تۆڵەکردنەوە و کاردانەوە لەلایەن سکاڵا لێکراو. ئەم سیستەمە ئەم ڕێککارانە دەگرێتە خۆ:

#### i. <u>سیستەمی تۆمارکردنی سکاڵا</u>

تیمی وەرگرتنی سکاڵا لە ژێر سەرپەرشتی **لیژنەی جێبەجێکاری سیاسەتی یەکسانی** بەرپرس دەبێت لە وەرگرتنی سکاڵا لە کارمەند و فەرمانبەرانی گشت دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، نایەکسانی، بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی و توندوتیژی. پێویستە بە فەرمی ئیمەیل و ژمارە مۆبایلی تیمەکە بەسەر گشت دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ گشتاندنی بۆ بکرێت لەگەڵ ناو و ناونیشانی ئەندامانی تیمەکە (بۆ کار ئاسانی دەتوانرێت سوود لە دامەزراندنی هێڵێکی گەرمی تایبەت بە تۆمارکردنی سکاڵا وەربگیرێت ). گشت کارمەند و فەرمانبەران پێویستە زانیاریان هەبێت سەبارەت بە تیمی تۆمارکردنی سکاڵا و شێواز و ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بەو تیمە. تیمەکە پێویستە ٥٠% ئافرەت بێت. هەروەها ئەندامانی تیمەکەش پێویستە کارمەند و فەرمانبەرانی گشت دامەزراوەکانی وەزارەت لەخۆ بگرێت.
ئەگەر هاتوو بەهۆی کەمتەرخەمی کارمەند و فەرمانبەرانی سیستەمی تۆمارکردنی سکاڵا زانیاری سەبارەت بە کەسی سکاڵاکار یان سکاڵا لێکراو بڵاوبکرێتەوە ئەوا فەرمانبەر و کارمەندی سیستەمەکە لەبەردەم یاسا بەرپرسیار دەبن و لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

گشت سکاڵاکان (زارەکی یان نووسراو) پێویستە لە فۆرمی تۆمارکردنی سکاڵا تۆماربکرێن بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەت هەڵدەستێت بە دروستکردنی فۆرمی تۆمارکردنی سکاڵا و ناردنی بۆ کارمەند و فەرمانبەران و کارگێری گشت دام ودەزگاکانی سەر بە وەزارەت. پێش تۆمارکردنی سکاڵاش، کارمەند و

فەرمانبەر باشترە کە وتوویژ بکەن لەگەڵ بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان یان کەسی بەرپرس لەو بوارە و کێشەکە چارەسەر بکەن. ئەگەر هاتوو سکاڵاکار زانی کە گوێی لێناگیرێت و بایەخ بە سکاڵاکەی نادرێت لە فەرمانگەکەی ئەو کاتە دەتوانێت پەنا ببات بۆ تۆمارکردنی سکاڵا.

## .ii لیژنەی پێداچوونەوە بە سکاڵاکان

بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە سکاڵا وەرگیراوەکان، لیژنەی پێداچوونەوە بەسکاڵاکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ پێکدەهێنرێت لە ژێر سەرپەرشتی **لیژنەی جێبەجێکاری یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو**. لیژنەکە پێویستە لە ئافرەت و پیاوی پێك بێت و بە فەرمانی بەرپرسی لیژنەی جێبەجێکار دەست بەکارەکانی دەکات. لیژنەکە دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان. بەگوێرەی سروشتی سەرپێچی یان تاوانەکە و ئەگەری دەرەنجام و کاردانەوەکانی بۆ سەر سکاڵاکار، لیژنەکە دەست دەکات بە کارەکانی شان بەشانی ئاگاداربوون لە سەلامەتی و ناوبانگی هەریەکە لە سکاڵاکار و سکاڵالێکراو. سەرەتا، لیژنەکە پێویستە گوێ لە سکاڵاکار بگرن ڕووبەڕوو سەبارەت بە وردەکاریەکانی سکاڵاکە وە ئەم زانیاریانەی پێبدەن:

- ئەو ڕێککاریانەی کە تیمی لێکۆڵینەوە ئەنجامی دەدەن
- دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە
- لەکاتی دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەکە، ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت و پیاو و بەشداری گشت دامەزراوەکانی وەزارەت پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.
- ساڵی جارێك پێویستە ئەندامی ئەو تیمە بگۆڕدرێن و ئەندامی نوێ بۆ تیمەکە دابنرێن.
- تیمەکە پێویستە بەرپرس بێت لە دڵنیاییدان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا بەشێوەیەکی کارا بەگوێرەی ئەو ڕێککاریانەی کە بۆ بابەتی سکاڵا دانراون لە جێبەجێکردنی سیاسەتی  یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو.

تیمەکە پێویستە پابەندبێت بەم بنەمایانەی خوارەوە:

- وەرگرتنی سکاڵاکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و تێگەیشتن لەو حاڵەتەی کە ئایا کارمەند و فەرمانبەر بۆ هەست بە نادادپەروەری و نارەزامەندی دەکەن.
- لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی و بارودۆخەکانی پشت و پێشی ڕووداوەکە بکرێت، شان بەشانی ئەوەی کە سکاڵاکار پێزانینی ئەوەی هەبێت کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکە بەڕێکی و هەستیاری ئەنجام دەدرێت.
- گەڕان بەدوای چارەسەری کرداری و گونجاو کە بتوانێت سکاڵاکار ڕازی بکات، لەهەمان کاتیش بارودۆخی قورس و نالەبار بۆ دامەزراوەکە و هاوکارانی سکاڵاکار دروست نەکات.
- پێدانی زانیاری بە سکاڵاکار سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێت چی بکرێت و چی ناکرێت بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاکە.
- بەدواداچوونی پێویست و بەردەوام.
- دڵنیابوون لە هەڵگرتن و پاراستنی تۆمارەکان کە پێویستە ئەم خاڵانە ئەنجام بدرێن:
  - سروشتی سکاڵاکە
  - سکاڵاکە بە نووسراو بێت یاخود بەو ڕێگایانەی کە پێشتر بۆ تۆمارکردنی سکاڵا ئاماژەیان پێدرا.
  - هۆکارەکانی ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر بۆ سکاڵاکە
  - بڕیارەکانی تایبەت بە سکاڵاکە بە نووسراو

- پاراستنی نهێنی پرۆسەی لێکۆڵینەوە

### iii. پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵا

پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاری ڕاست و دروست لەسەر سکاڵاکە ئەنجام دەدرێت و پرۆسەکەش ئەم هەنگاوانە دەگرێتەوە:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە مەزندە دەکرێت زانیاریان هەبێت لەسەر ڕووداوەکە و تۆمارکردنی وتەکانیان ئەگەر ڕەزامەندبوون.
- بەدەست هێنانی بەڵگەنامە و بەڵگەی تایبەت بە ڕووداوەکە.
- هەڵسەنگاندنی زانیاری و بەڵگەکان.
- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و ڕاسپاردە.

لێکۆڵینەوەکە پێویستە بەزووترین کات دەست پێبکات کە لە مانگێك درەنگتر نەبێت لەو ڕۆژەی کە سکاڵاکە تۆمار دەکرێت. تیمەکە سکاڵاکار لە گەیشتنی سکاڵاکە ئاگادار دەکاتەوە و داواش لە تیمی لێکۆڵینەوە دەکات کە هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ئەنجام بدەن بە مەبەستی گەیشتن بەو ڕاستیەی کە ئایا ئاماژەی تەواو لەبەردەستن بۆ دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی فەرمی. لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کار، تیمەکە دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکان بەشێوەیەکی کارا و شەفاف. تیمی لێکۆڵینەوە ئەم کارانە ئەنجام دەدات:

- دانانی بنەمای ڕاست و دروست و کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەندار.
- ئەگەر هاتوو پێویست یان کرداری بوو ئەوا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەش دەکرێت کە لە سکاڵاکە تێوەگلاون یان پەیوەندارن.

### iv. هەڵسەنگاندنی سەرەتایی

لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵا چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو یان پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سکاڵاکار ئەنجام دەدات بەمەبەستی:

- ڕوونکردنەوەی داواکە.
- دڵنیابوونەوە لەوەی کە سکاڵاکە پەیوندارە بە بێزارکردن لە شوێنی کارەکە یاخود خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەم شوێنە.
- دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەموو بەڵگەکان بە ڕاستی و دروستی پێشکەشکراون.
- ڕەچاوی ئەگەر و هەوڵی چارەسەری نافەرمی بکرێت.

### v. پرۆسەی بەڕێوەبردنی سکاڵا بەشێوەی فەرمی و نافەرمی

- لەماوەی کاتێکی گونجاو و دیاریکراو و لە ڕێگای پرۆسەی فەرمی و نافەرمی ئەندامانی لیژنەکە هەڵدەستن بە مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا یاخود هەر داوایەك بەو شێوەیەی کە لە بڕگەکانی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

## .I پرۆسەی نافەرمی

پرۆسەی نافەرمی دەرفەت دەدات بە ئەندامانی لیژنە کە بتوانن چارەسەری سکاڵا بە شێوەیەکی کراوە، ڕاشکاوانە، بێ ترس و کێشە بکەن. ئەو بژاردە نافەرمیانەی کە بەردەستن بۆ ئەندامانی لیژنە ئەمانە دەگرێتەوە:

- نێوەندگیری
- ڕاوێژ و هاوکاری تەندروستی دەروونی
- ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکە کە هۆکارە بۆ فەراهەمکردنی بیرۆکەی چارەسەرکردنی سکاڵاکە

## .II دەستپێکردنی پرۆسەی فەرمی

ئەگەر هاتوو، ناڕازی بوون هەبوو سەبارەت بە دەرەنجامەکانی پرۆسەی نافەرمی ئەوا سکاڵاکار دەتوانێت ڕاستەوخۆ پەنا بۆ پرۆسەی فەرمی ببات. لێرەدا، پێویستە سکاڵاکە بە نووسراو پێشکەش بکرێت و دەست بکەن بە پرۆسەی فەرمی سەبارەت بە سکاڵا یان داواکە. سکاڵاکە پێویستە پێشکەش بە لێژنەی لێکۆڵینەوەی سکاڵا بکرێت.

ناوەڕۆکی سکاڵاکە پێویستە ئەمانە بگرێتەخۆ:

- ناوی سکاڵالێکراو و کەسانی گومانلێکراو
- ڕێکەوت و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە
- ناوی شاهید یاخود هەر بەڵگەیەکی بەرجەستە وەکو ( ئیمەیل، نامەی نووسراو یان دەنگی، وێنە، نووسراو، پشکنینی پزیشکی) کە تاوانەکە دەسەلەمێنن.

گشت سکاڵاکان پێویستە واژوو بکرێن و ڕێکەوتیان لەسەربێت. سکاڵاکە پێویستە زۆرترین بەڵگەنامەی لەگەڵ بێت (ئەگەر هەبوو). سکاڵاکار دەبێت لەوە ئاگاداربکرێتەوە کە زانیاریەکانی تایبەت بەو سکاڵایە لەگەڵ سکاڵالێکراو هاوبەشی پێدەکرێت لەپێناوی زیاتر ڕوونکردنەوە و گرینگی لێکۆڵینەوەکە.

## .vi گرتنەبەری ڕێککاری پێویست دژی سکاڵالێکراو

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە، لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆی لەگەڵ ڕاسپاردە و پێشنیار پێشکەش بە لیژنەی جێ بەجێ کار دەکات و لیژنەی جێ بەجێ کار دەست دەکات بە ڕێککارییەکان دژی هەر یەك لە سکاڵالێکراو، ئەگەر هاتوو سەلمێنرا کە سکاڵالێکراو تۆمەتبارە یاخود ئەگەر دەرکەوت سکاڵاکار بە پاڵنەری بێ بنەما سکاڵاکەی کردبوو یاخود دەرکەوت کە سکاڵاکەی ڕاست نەبوو ئەوا بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هەروەها ئەو پێوەرانەی کە بۆ ڕێککاریەکان دەگیرێنەبەر پێویستە ڕەچاوی سەلامەتی و پاراستنی سکاڵاکار و شاهیدەکان بکرێت و ئەم خاڵانەش لەخۆبگرێت:

- ئەو کەسەی کە هەڵەکەی کردووە داوای لێبوردن بە نووسراو پێشکەش بکات ئەگەر پەشیمانی پیشاندا.
- مامەڵە کردن لەگەڵ کەسی تۆمەتبار بە پێی یاسا بەرکارەکان.

- لەئەگەری جێبەجێکردنی ڕێککارییەکان ئەگەر پێویست بوو، بەرپرسانی یاسایی پێویستە بێنە ناو بابەتەکە و ڕێککاریەکان لەلایەن ئەوانەوە جێبەجێ بکرێت.

دەکرێت لیژنەی لێکۆڵینەوەی سکاڵا لەلایەن کەسانێك هاوکاری بکرێت کە تایبەتمەندیان لەو بوارە یان پارێزەر و بەرپرسانی تری دامەزراوەکانی تر لە حالەتێك ئەگەر هاتوو کەیسی تر دروست بوو لە ڕووداوەکە.

## vii. ڕێگریکردن لە کرداری تۆڵەکردنەوە لە سکاڵاکار و هەواڵدەرەکان و شاهیدەکان

هەواڵدان بریتیە لەوەی کە کارمەند یان فەرمانبەرێك هەواڵی ئەنجامدانی کارێك یاخود هەڵسوکەوتێکی خراپ دەگەیەنێتە شوێنی مەبەست کە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لەپشت گەیاندنی هەواڵەکەیە.هەواڵدەر هەمیشە بە هەستێکی دادپەروەری و خۆشویستنی کارەکەیان ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

پاراستنی هەواڵدەر زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دژی حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، نایەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو، دەستریژی و گێچەڵی سێکسی و توندوتیژی.
مەبەست لێرە ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو کارمەند و فەرمانبەرێك ڕاپۆرتێکی لەدژی کارمەند و فەرمانبەرێك یاخود ئەفسەرێك بەرزکردەوە کە هەڵساوە بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یاخود بێزارکردن یاخود گێچەڵی سێکسی، ئەوا ئەو فەرمانبەرەی کە هەواڵەکەی داوە دەبێت لە کرداری تۆڵەکردنەوە بپارێزرێت لەدەستی سکاڵالێکراو لە کاتی تۆمارکردنی سکاڵا یاخود جێبەجێکردنی ڕێککارییەکان یاخود دوای ئەو کاتە. لەبەر ئەوە وەزارەتی ناوخۆ دڵنیایی ئەوە دەدات کە ئەو فەرمانبەرەی هەواڵەکە دەدات لەکارەکە پارێزراو دەبێت و لە داهاتووشدا نادادپەروەری بەرامبەر ناکرێت لە هەموو لایەنێکەوە.

بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی هەواڵدەرو شاهید دژی هەر تۆڵەکردنەوە و پەرچەکردارێك، وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەم کارانەی خوارەوە:

- پاراستنی ناسنامەی ئەو کەسانەی کە ترسیان لە تۆڵەکردنەوە هەیە و پاراستنی سەرجەم ئەو پەیوەندیانەی کە لە هەر کەسێك وەرگیراوە بۆ لێکۆڵینەوە و داوای کردوە کە بپارێزرێن لەبەر مەترسی تۆڵەسەندنەوە لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتە.
- ئەنجامدانی ڕاوێژکاری لەگەڵ سکاڵاکار یاخود هەواڵدەر یاخود شاهید سەبارەت بە شێوازی گونجاو بۆ پاراستنیان لە تۆڵەکردنەوە.
- ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان بۆ سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران سەبارەت بە کاری هەواڵدەری و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی گونجاو و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاپۆرتی هەڵسوکەوتی خراپ و کاری هەڵە و تۆڵەکردنەوە.
- دەستەی کارگێری وەزارەت پابەندنابێت بە پاراستنی نهێنی لە حاڵەتێك ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی داوای پاراستنی کردبوو خۆی نهێنیەکە نەپارێزێ یاخود بەجۆرێك ڕەفتار بکات کە ببێتە هۆی ئاشکراکردنی نهێنیەکە.
- بەڕێوەبەرەکان بەرپرسن لە دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەواڵدەر و سکاڵاکارو شاهید سزا نادرێت وەکو تۆڵەکردنەوە.

## بەشی ٤: پەیوەندی و ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن

ئامانجی سەرەکی لە سیاسەتی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو بریتیە لە بەدەستهێنانی ئەو یەکسانیە و بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە گشت کایەکانی بەڕێوەبردن و پراکتیزەکردنی ئەرك و ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان دەدرێت. بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە دەکەوێتە ئەستۆی گشت جومگەکانی بەڕێوەبردن و فەرمانبەر و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ. لەبەرئەوە ئەو سیاسەتە پێویستە بۆ گشت کارمەند و فەرمانبەران بنێردرێت و وۆرکشۆپی تایبەت بەو سیاسەتە ئەنجام بدرێت بەمەبەستی ناساندن و بەرزکردنەوەی هۆشیاریان سەبارەت بەو ئەرك و مافانەی کەلەو بارەوە دەکەوێتە ئەستۆیان.

### ٤,١. پەیوەندی:

**لیژنەی جێبەجێکاری سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو** پێویستە لە پەیوەندی بەردەوام بن لەگەڵ گشت دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و کۆبوونەوەی دەوری ئەنجام بدەن سەبارەت بە یەکسانی ئافرەت و پیاو و دابینکردنی مافەکانیان بە یەکسانی وەکو بنەمایەکی گرنگ بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، هەروەها پێوەر و بنەمای نادادپەروەری و جیاکاری بەرامبەر کارمەند و فەرمانبەرانی ئافرەت و پیاو لە گشت دام و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ بناسرێت و دیاری بکرێت بەمەبەستی پێداچوونەوە و پەرەپێدانی ستراتیژی بۆ هاندان و جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو.

هەوڵی بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیاندنی گشت کارمەند و فەرمانبەرانی وەزارەت سەبارەت بە بابەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو پێویستە جێبەجێ بکرێت، جگە لەمانە هاندانی ئەرێنی فەرمانبەر و کارمەندانی وەزارەت دەبێتە مایەی کاری ئەرێنی بەرەو جێبەجێ کردنی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو و بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت.

### ٤,٢. ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن:

**لیژنەی جێ بەجێ کاری یەکسانی پیاو و ئافرەت** ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن پێویستە ساڵانە پێشکەش بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکات. ڕاپۆرتەکە پێویستە دەستەکەوتەکان و کەم وکوڕییەکان، پێویستیەکانیان دیاری بکات و پێشنیار وراسپاردە دەربارەی سیاسەتی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە خۆ بگرێت.

**سەرچاوە:**


1. OSAGI, 2001, ‘Gender Mainstreaming: Strategy for Promoting Gender Equality Document’.
2. Ibid.
3. ECOSOC, 1997, ‘Report of the Economic and Social Council for 1997’, A/52/3, chapter IV, ‘Special Session on Gender Mainstreaming.’
4. World Conference on Human Rights, 1993, Vienna Declaration and Programme of Action, A/CONF.157/23, paragraph 17.
5. CEDAW.
6. UN Secretariat, Inter-agency Task Force on the Implementation of the International Conference on Population and Development’s Programme of Action, ‘Guidelines on Women’s Empowerment’ [www.un.org/popin/unfpa/taskforce/guide/iatfwemp.gdl.html].
7. Millennium Project Task Force on Education and Gender Equality, 2005, *Taking action: achieving gender equality and empowering women*.
8. UNDP Gender Parity Report 2007.
9. Committee on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women, 1992, General Recommendation 19 [www.un.org/womenwatch/daw/cedaw/recommendations/recomm.htm].
10. DEVAW, Article 1.
11. ECOSOC Humanitarian Affairs Segment, 2006, ‘Addressing Gender-based violence in Humanitarian Emergencies, ‘Gender–based violence and the role of the UN and its Member States’


**کۆتایی . . .**